



# کارگەکانمان
# لە بەردەم قەیرانی بێسەروبەری دا

## چۆن دەوڵەت ببێتە خاوەنی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن؟

ستبوون و ئیفلیجبوونی گرنگترین یەکەی بەرهەمهێنان لە هەرێمەکەدا خۆی لە خۆیدا شکستێکی پلاندانانە

لە 2007دا خاوەنی یەک پرۆژەی ( قەرزی بچوک . پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی. پێشخستنی دەزگاکانی کۆنترۆڵی جۆری ..کارگەی گەورە و ستراتیژی ..هتد ) نەبووین

لە ســـاڵانی هەشتاو نەوەدەکان دەستێوەردانی حزبی و کۆمەڵێك هۆکاری ئابووری لە ناویاندا گەمارۆی ١٣ساڵەی سەر عێراق کاریگەری خراپی لەســـەربەردەوامبوون و پێشـــکەوتنی کارگەکانی کوردستان هەبوو، لە کۆتایی نەوەدەکانیش باس لە بەگەڕخستنی ژمارەیەك کارگە کرا، بەڵام هەوڵەکان شکستی هێنا، ئەمڕۆ کارگەکانی حکومی و ئەهلی لە خراپترین بارودۆخدایە، لە ساڵی رابردوو بە ئاشکرا توانای کارگە بەرهەمهێنەکان بۆ دواوە باشا کشەیان کردووە، جکە لە کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی بە تایبەتی چیمەنتۆ، کـــە تاڕادەیەکی کەم بەرهەمهێنانی زیادیکردووە ( بۆ نموونـــە کارگەی چیمەنتۆی ســـەرچنارلە ١٩٩٨بەرهەمهێنانی ٥٥هـــەزار تۆنی زیادیکردووە )، ســـتبوون و ئیفلیجبوونی گرنگترین یەکـــەی بەرهەمهێنـــان لە هەرێمەکـــەدا خۆی لە خۆیدا شکســـتێکی پلاندانانـــە، چونکە نەیتوانیوە بەردەوام بدات بە بەگەڕخســـتنی کارگە حکومییەکان و ئەو کارگانەی وەکو جکەرەو رســـتن و چنین ومەڕمەڕو ..هتـــد درا بەکەرتی تایبەتیش نەك وەکو جـــاران بەرهەمیان لاواز بوو بەڵکو لە بەرهەمهێنانیش راوەســـتان، کەرتی تایبەتیش ئەوەی بێ دەوترا چەند هەوڵێکی دروســـتکردنی پیشەســـازی خۆراکی وەکو کارگەکانی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو دۆشـــاوی تەماتە هەرهەمووی لە کارکەوتن، بگرە هیچ هەوڵێکی گەورە لە لایەن ســـەرمایەدارو بیزنســـمانی کوردیش بۆ دامەزرانی کارگەو پەرەپێدانی پیشەســـازی نەدراوە، چونکە بە دەگمەن ســـەرمایەدارێکی کـــورد دەبینی رۆحی نەتەوەیی بـــەرز بێت و دوای دەســـکەوتی خێراو قازانجی گەورە نەکەوێت، رەنگە جوانترین نموونە بۆ ئەم بۆچوونە بوونی تەنیا ٧کۆمپانیای پیشەسازی بێت لە شاری هەولێر لە بەرامبـــەر تۆمارکردنی ٣٥٥کۆمپانیا کە لـــە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٣تۆمارکراون و لە بواری بەڵێندەرایەتی و بازرگانی کار دەکەن، ئەم ژمارەیە لە شـــاری دهۆك بۆ ٢ کۆمپانیا دابەزی لەناو ٢٠٧کۆمپانیا دا، لەدوای رزگارکردنی عێراق و واڵابوونی سنورەکان ژمارەی کۆمپانیا بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دوو هێندەی جارانی لێهات و هێنانی بە لێشـــاوی کاڵاو کەلوپەلی چینی و بیانی بەتەواوەتی شکســـتی بە هەموو هەوڵەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ هێنا، لە ناوچە ســـنوورییەکان قافڵـــەی لۆرییە بارهەڵگرە بیانییەکان و ســـەدان ترێلەی جۆراو جۆر دەبینرێت کـــە روو دەکەنە هەرێمەکەو کاڵا و کەلوپەلـــی بەســـەرچوو خراپ و لاوازمان بـــۆ دەهێنن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بازاڕی پێداویســـتییەکان زۆرن و لە ناوخۆدا ئەو کاڵاو بەرهەمانەمان نییە، لەم کوردستانەدا کە تێیدا پیشەسازی بە پێچەوانەی دنیاوە بەرەو دوواوە رۆشتووەو تەنانەت لە گەرمەی گەمارۆی ئابووری بارودۆخەکە لە ئێســـتا باشتر بوو، ســـاڵی هەشتاکان کە تەنیا لە شاری ســـلێمانی لە ساڵی ١٩٨٢-٢٧٧٩ دامەزراوی پیشەسازی واتە کارگەو جۆرەکانی بەرهەمهێنان هەبـــوو، پتر لە ٤٥٤٦ کرێکارو کارمەند کاری تێدا دەکرد، لە ٢٠٠٠ ژمارەی ئەم کارگانەی تەنیا کەرتی حکومی بۆ ٥٢٤کارگە کەمی کرد و ژمارەی کارمەندەکانیشـــی بۆ ١٩١٧ کەس کەمبۆوە . پرۆفیســـۆر کەمال خەیات لە پەرتووکی ( الواقع الاقتصادی لمحافظة السلیمانیة

(٢٠٠٠دەڵێت : لە ناوەراســـتی نەوەدەکان توانای کارگەکان بە گشتی بـــە رێژەی ٧٥٪ دابەزی و لە ١٩٩٧تەنیـــا ٨ کارگە مایەوە، ئەمەش



بۆ خراپی بەڕێوەبردنی کارگـــەکان و نەبوونی عەقڵییەتی بەرهەمهێنان و لاوازی پاڵپشـــتی حکومەت دەگەڕایەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ژمارەی کرێکارەکانی کارگە حکومییەکان لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێـــرو دهۆك٩١١٣ کـــەس بوو، لە کاتێکدا لە کارگـــە تایبەتییەکان تەنیـــا ٢٠٦٤کرێکار کاریان دەکرد، کەچی بەرهەمی کارگە ئەهلییەکان زیاتر بوو بەراورد بە بەرهەمـــی کارگە حکومییەکان، نمونەیەکی تری خراپ بەڕێوەبردنی کارگە حکومییەکان کارگەی چنینی دهۆك بوو کە ٥٢ئامێری هەبوو تەنیا ٢٤ئامێری کاری دەکرد ئەو دەمە واتە لە ٢٠٠١دا کارگە ساڵانە ١٨٠هەزار دیناری (دراوی ناسراو بە سویسری )قازانجی هەبـــوو، بەڕێوەبەری کارگە لە پێناو بەرەو پێشـــچوونی بەرهەمهێنانی کارگەکە نوســـراوێکی رەسمی ئاراستەی ســـەرووی خۆی کردبوو، کە ٦خاڵ لە خۆدەگرێت و پوختەی داواکارییەکانی هەرهەمووی بریتییە لە : ( کەمی پاسەوان، چاککردنی بیناکە، گۆڕینی میلاکات و دەسکاری عەناوین، دابینکردنی مونکێت و کورسی ونەتوانینی جێبەجێکردنی سزا . ) ئـــەم خاڵانە لە کاتێکدا بەرزکراوەتەوە کـــە کارگەکە بۆ زیادکردنی بەرهەم کۆمەڵێك ڕێ و شـــوێنی تری پێویست بوو، کە لێرەدا بوار نییە باسی بکەین شارەزایان و پیشەسازیکاران باش دەزانن چۆن بەرهەمهێنانی کارگەیەك زیاد دەکەن ؟

لـــەم کوردســـتانەدا کۆمپانیا هەیە مۆڵەتی پیشەســـازی هەیە کەچی ســـەرقاڵی هێنانی ئوتۆمبێلی بازرگانییە . ســـەرمایەدار هەیە زەوی بـــۆ بنیاتنانی کارگـــە وەرگرتووە تاکو ئێســـتا ئامێرەکانی دیار نییە . رۆژانە کەلوپەلی ئێکســـپایەر لە بازاڕەکانی کوردستان دەستی بەسەردا دەگیرێت کەچی یەك تۆمەتبار رەوانەی دادگا ناکرێت. تووانای کارگە ناوخۆییەکان لەبـــەر نەبوونی دەزگای کۆنترۆڵ و پێوانەیی دیار نییە و بەرهەمی ناوخۆیی ئەو تاك تاکە کارگانەی کەرەســـتەی بیناســـازیش هەیە رۆژ لە دوای رۆژ بۆ دواوە دەکشێتەوە ..

لە ٢٠٠٧دا خاوەنی یەك پرۆژەی ( قەرزی بچوك . پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی. پێشخستنی دەزگاکانی کۆنترۆڵی جۆری ..کارگەی گەورە و ستراتیژی ..هتد ) نەبووین، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کاتێك کارگەکانـــی حکومی درایە کەرتی تایبەت بۆ پێشخســـتنی بوو یاخود لە ناوبردنی بۆ نموونە کۆی گشـــتی قازانجی کارگە حکومییەکان لە ساڵی ٢٠٠١دا لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك ١٩،٣٨٠،٤٥٩ملیۆن دیناری سویســـری ئەوکات بوو، خەرجییەکانـــی ١٦،٦٥٩،٦١٥ ملیۆن دینار بـــوو واتە مەبلەغی ٢،٧٢٠،٨٤٤ملیۆن دینـــار قازانجی هەبوو، واتـــە دەتوانرا ئەم قازانجەش بەرز بکرێتـــەوە، لەمبوارەش دا هەوڵدرا بۆ نموونـــە کارگەی قوتوبەندی هەریر تێچوونی ٥،٢٣٦،٥١٠ملیۆن دۆلار و کارگەی بەرهەمهێنانی زەیتی ئاکریش ١،٧٠٩،٠٠٠ دۆلاری تێچوو، بەڵام هەوڵەکان شکســـتی هێنا، کێ بەرپرســـیاری لەسەر شکستەکانی پیشەسازی لە ئەستۆ دەگرێت ؟لە کاتێکدا سەرمایەداری کوردی روو لە دامەزرانی کارگەکان نەکەن گەرچی وەزارەتی پیشەسازی ئیمتیازیشیان دەداتـــێ، ئایا وەزارەت خـــۆی نابێت چەند هەوڵێکی بـــۆ دامەزرانی کارگەی گەورە نەبێت ؟

**کۆمپانیا هەیە مۆڵەتی پیشەسازی هەیە کەچی سەرقاڵی هێنانی ئوتۆمبێلی بازرگانییە**

**دکتۆر نەبیل عەزاری پسپۆری بواری بەڕێوەبردنی بیزنس و دانوستاندنە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان و، شارەزایی لە بەکارهێنانی سەرمایەی مەعریفی هەیە لە بڕیارە ستراتیژییەکان :-**

# دەتوانرێت زۆر پیشەسازی خۆراکی ببوژێنرێتەوە



دکتـــۆر عەزاری پێی وابوو ( حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئومێـــدو ئاواتێکی ئابووری زۆری پێیە، کارو جموجوڵە ئابوورییەکان و ئاراســـتەکردنی پەرەپێدانی کەرتەکانی ئەم راســـتییە دەردەخات، راوێژکارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بەرنامەو پلانە ئابوورییەکانی وەزارەتەکان کە ناوبە ناو گوێبستی دەبین هەمووی چالاکی و کاری جددییە، لە باری ئابووری دا ئەوانەی چاودێری و بەدواداچوونی بارودۆخـــە ئابوورییەکە دەکەن ئەو حەقیقەتە دەزانن کە کار بۆ گۆڕینی واقیعەکە هەیە و وەزارەتی پلاندانانیش بەرنامەو ئاراستەی خۆی هەیە، ئەمەش لە پێناو بنیاتنانی ستراتیژییەتی جۆراو جۆر لە ناویاندا داڕشتنەوەی ستراتیژییەتێك بۆ بنیاتنانی کشتوکاڵ و پیشەسازی .

کەرتی پیشەسازی لە بارودۆخێکی وادا نییە بە پێی ئومێدو ئاراستەکانی گەشەی ئابووری بێت کە حکومەت کاری بۆ دەکات، چەند هۆکارێك هەیە لە کوردستان زیانی بە ئابووری کشتوکاڵی و پیشەسازی گەیاندووە، ئاووخاك و کەرەستەو سامانە جۆراوجۆرەکان وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، لە کاتێك دا ژینگەی وەبەرهێنانی کشـــتوکاڵی و پیشەســـازی زۆر لە بوارە بۆ بەگەرخستنی ســـەرمایەی کەرتی تایبەت لـــەم دوو کەرتەدا، بە خوێندنەوەیەکی خێرا چەند راســـتییەکمان بۆ دەردەکەوێت لەوانە کۆچکردنی گوند نشـــینەکان بۆ شـــار بەردەوامی هەیە و دەستهەڵگرتنیش لە گشتیاری و ئاژەڵداری سەرەتای وێرانبوونی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵییە، بگرە زیانێکی زۆر گەورە کراوە لە پێشخستنی کەرتی پیشەسازی کشتوکاڵی کە من پێم وایە هەل و فرسەتەکانی گەشەکردنی

ئەم کەرتە زۆر لە بارە، لەم قۆناغەدا دەتوانرێت زۆر پیشەسازی خۆراکی ببوژێنرێتەوە و جی تر پشت بەبەروبوومی بێگانە نەبەسترێت، کە کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەمی لێکەوتۆتەوە . دەستی کاری کشتوکاڵی رووی لە دامەزراندن کردووە لە کەرتی حکومی، کاتێکیش ژمارەی ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی لە حکومەت کاردەکەن زیاتر بێت لە توانای کەرتەکەو ئاستی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لێرەدا گرفتێکی گەورە روو دەدات، هەرێمەکە کەبەوە ناوبانگ بوو باشترین بەرهەم و بەروبوومی ئاژەڵداری لێدەست دەکەوێت کەچی ئێستاکە بۆ بچوکترین بەرهەم و پێداویستی روو لە وڵاتانی دەوروبەرو بگرە دواکەوتووش دەکات، ئەوەتا بەروبوومی کشتوکاڵی و میوەجات لە پاکستان و کەمبودیاو وڵاتانی ئەفریقییەوە دەهێنرێت بۆ کوردستان، هێنانی گەنم و ماست و بەتاتەو تەماتەو سەوزەو میوەجات باشترین بەڵگەن بۆ ونبوونی بەرهەمی خۆماڵی و دارِمانی کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵی . ئەمە کەمتەرخەمی و کێشەیەکی سەرەکییە کاتێك لە تواناداهەبێت بەرهەمی خۆماڵی و بەرووبومی کشتوکاڵی بەرهەم بهێنیت کەچی نەتوانی بەرهەمبهێنیت و بازاڕی ناوخۆو دەرەکی نەدۆزیتەوە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانت، بازاڕەکانی کوردستان خواستێکی زۆری تێدایە و بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی کشتوکاڵی لە ناوخۆدا توانای نییە ئەو خواستە پڕ بکاتەوە، واتە خستنەرووی ناوخۆ لاوازەو خواستیش روو لە زیادبوونە، بۆیە بازرگانەکان ئەم دۆخەیان قۆزتۆتەوەو بە لێشاو کاڵاو بەرهەمی بیانییان هێناوەتە ناو بازاڕەکانەوە، ئەمە لە کاتێکدا کۆنترۆڵ و پێوانەی جۆری و چەندایەتیمان کەمە ..

وەکو توێژەرێك لە ئیدارەی ستراتیژی دا پێم وایە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ناکرێت دوور لە کەرتەکانی ترەوە پەرەی پێبدرێت، هەنگاوی یەکەم لەوەوە دەست پێدەکات کە چۆن تێڕوانینمان هەبێت، چۆن دەوڵەت ببێتە خاوەنی فەلسەفەیەکی بەرهەمهێن، فەلسەفەی دەوڵەت لەسەر ئەو بەرنامەیە بڕوات کە چۆن لە کۆمەڵگاو ناو خەڵکیدا بەکارهێنەر دروست بکەین و خەرجی و پارەکانمان تەنیا لە کاری بێ بەرهەم و خستنەگەڕی وەزارەتەکان و دامودەزگا گەورەکان سەرف نەکەین، هیچ دەرفەت و هەلێکمان لە بەردەستدا نییە بۆ پەرەپێدانی سەرتاپاگیری، سەرەتا بەوە دەست پێ بکەین کە ئێمە دەمانەوێت کوردستانێکی بەختەوەرو خۆشگوزەرانی دامەزرێنین، تاوەکو لە واقیعێکدا بژین کە رەفاهییەتی تێدا بێت و کێشەو گرفتەکانی نزمی خزمەتگوزاری و نەبوونی پێداویستییەکانی تێدا نەبێت، هەنگاوی یەکەم وازهێنانە لە پشت بەستن بە داهاتی پترۆڵ، کە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و بەرزبونەوەی نرخە جیهانییەکان و ئەگەری دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفەکان داهاتەکانی نەوت ئەو سودەی نامێنێت، نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە کێبرکێ لە سەر نەوت و کۆنترۆڵکرنی لە جیهانی رۆژهەڵاتی ناوەراست رووی لە زیادبوونە، بەواتە لە ماوەی ١٥ساڵدا داهاتی تاکەکەسی عێراق لە داهاتەکانی نەوت بەشێکی زۆر کەم دەبێت، چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخەکان نرخ و بەدەستهێنانی کاڵاو پێداویستییەکانیش زیادیکرد، ئالێرەدا پێویستە کەرتەکان بە شێوەیەکی گشتی بخەینە ئاستی گەشەوە کاتی ئەوەش هاتووە بێکاری رووپۆشراو بنبڕبکرێت لە کەرتی حکومی، تەجروبەش دەریخستووە ئەو بەرهەمانەی دەستی پێ کراوە لە بەرهەمی چیمەنتۆو ئاوی کانزایی و هەر پیشەسازییەکی تر بازاڕی هەیەو خواستێکی زۆری لەسەرە، بیر کردنەوە بە عەقڵییەتێکی ستراتیژی کە ئەو راستییە بزانێت بەردەوامی لەو بارودۆخە ئاکام و ئاسەوارێکی خراپی دەبێت، ئەمەش پێویستی بە وزەو کارەبا هەیە بۆ ئەوەی رووبەرووی گرانی نرخی بەرهەمەکان ببینەوە و کێبرکێ بەرهەمی وڵاتانی بیانی بکەین.

**کاتی ئەوەش هاتووە بێکاری رووپۆشراو بنبڕبکرێت لە کەرتی حکومی**

**پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ناکرێت دوور لە کەرتەکانی ترەوە پەرەی پێبدرێت**

